# شۆفێری تەکسیەکان خەڵکی دادو بێ دادیانە لەدەستان

ئاسۆ

سالآنی نەوەدەکان کەبازاڕ شێواو بوو دۆلارو دینار بەویستی بەرپرسەکان بەرزو نزمی بەخۆیەوە دەبینی لەوکاتانەش دا خەڵکانی هەلپەرست دەستیان ئەدایەیینی خەڵکیو بەئارەزووی خۆیان شتومەکیان لەسەر ئەو خەڵکە گران دەکرد دوای پرۆسەی ئازادی دراوی عێراقی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکی تاڕادەیەکی باش جێگر بووە بەڵام خەڵکانی هەلپەرستی بازاڕەکانی خۆمان سورن لەسەرئەوەی کەواز لەگیرفان بەتاڵکردنی خەڵکی نەهێنن وەك خۆشیان دەڵێن فەرمانبەرو مامۆستا بەفەردە پارە وەردەگرن بەڵێ ئەم خەڵکانە ئەوە بە مامۆستایانو فەرمانبەران رەوا نابینن کەژیانێکی سادەو ساکار بەسەربەرن لەسالآنی 95 بۆ 98 لەدووکانی قەسابەکان ئەنوسرا ئێسقان هەیە بۆ مامۆستاو موچەخۆران ئەو دەمە مامۆستایان لەلایەن بازاڕەو سوکایەتی بەژیانیان دەکرا.

کەسیش ئاوڕی لەژیانیان نەدایەتەوە پارتی یەکێتی حوکمڕانیش خەریکی شەڕی ناوخۆبوو ئێستاش لەسایەی سەری ئەمریکاوە ژیانی خەڵك بەتایبەتی موچەخۆران تاڕادەیەك باش بوو.

بازاڕ بەویستی چەند کەسانێك یاری پێوە دەکرێتو بەبیانوی ئەوەی کەدەرامەتی خەڵك باش بووە دەڵێت تەڵەبە لەبازار زۆرە بۆیە شت گران دەبێت ئەوەی کەمن دەمەوێت لێرەدا قسەی لێوە بکەم شۆفێری تەکسیەکانە کەخەڵکی دادو بێ دادیانە لەدەستیان. شۆفێری تاکسیەکانی بەڕادەیەك قسەیان لەسەرە کەد بەدەیان راپۆرت تەواو نابێت هاوڕێیەکم بۆی باس کردم کە لەگەڵ تەکسیەکدا سەرکەوتوە لەفولکەی مامەڕیشەوە بۆ شەقامی سەهۆڵەکە 3500 دیناری لێوەرگرتووەو وتی ئەگەر بموتایە نای دەم بەتالیبەر هەموو گیانی دەشکاندم. لەشاری هەولێر نرخی تەکسی دیاری کراوە کەچویتە ئەو شاراوە دەست لەهەر تەکسیەك رابگری بۆ هەر جێگایەك بچیت نرخەکەی 1000 دینارە بەڵام لەم شارەی قاتوقڕیو گرانیەی سلێمانیدا کەناویان ناوە ئەورووپای کوردی شۆفێری تەکسیەکان بەئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن جاران کەلێت دەپرسین بۆ نرخی تەکسی دانابەرزێنن دەیانووت ئەشیای سەیارەو حەق دەستی فیتەر گرانە ئێستا بەپێچەوانەوە خوا ئەوەشی بۆ داون کەسوتەمەنی گران بووە دەڵێن بەنزین نیە لەگەڵ هەر تەکسیەك سەربکەوی لە 3 هەزار کەمتر ناڵێت.

بێ ئەوەی دەزگایەکی بەرپرس رۆژێك لەرۆژان لەشۆفێری تاکسیەکان بپرسنەوە، لەم هەڵبژاردنانەدا پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێت ئەگەر خەڵکی دەنگ بدات ژیانو ئاسودەی خۆش گوزەرانی بۆ خەڵك بەدەست دێت ئەمجا دەپرسین ئەگەر دەسەڵاتی کوردی لەماوەی 13 ساڵ دانەی توانێت سنورێك بۆ بازاڕو خەڵکی هەلپەرست دابنێن چۆن ئەتوانیت ژیانێکی ئاسودەی بۆ

**خەڵك مسۆگەر بكات دەبێت ئیدارەی شارەكان سنورێك بۆ شێواوی بازاڕەكان دابنێن ئەوكاتە باسی دابینكردنی ئاسودەی بكەن**